سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی ئوسترالیا باس لە پەیوەندی دوو قەڵەی دەکات وجەخت لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆی دەکات

لەڕۆژی 11-9-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرکیرەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە خانمی بەڕێز پاولا ئەلیزابیس کانلی باڵیۆزی تازەی ئوسترالیا لە عێراق کرد، هەردوو لایەن بیروڕایان سەبارەت بەدەخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندی دوو قەڵەی عێراق و ئوسترالیا ئاوگەڵ کرد.
سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە دەبێت پەیوەندی دوو قەڵەی نێوان هەردوو وڵات پتەوتر بکرێت و سوود لە ئەزموونی ئوسترالیا لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سوود وەرگرتن لە سامانی ئاوی وەربگیرێت.
هەروەها ڕوونی کردەوە کە سروشتی دەخی سیاسی وایکرد کە بودجەی سێ ساڵ بەرقەرار ببێت و لەرەش حکومەت چانسی باشی هەبێ بە ئەوەی بتوانێت خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات و متمانەی هاوڵاتیان بە سیستەمی سیاسی بگەڕێنێتەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە پێویستە دادپەروەرانە لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵگا مامەڵە بکرێت وەك توێژی خاوەن پێداویستی تایبەت، داواشی کرد یاسای تازە هەموار بکرێت و ژێرخانی پێویستی بە دابین بکرێت، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێت لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەکو قەڵەی گرنگی حکومەتن لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دوای ئەوەی وەزارەتەکان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.